# ئاكار و ئایین

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)
(١- ٢)

١ - پێوەندی نێوان ئاکار (وەک لقێکی فەلسەفە) و ئایین بابەتێکی تەمومژاوی و کێشە ئامێزە و هەویرەکەی ئاوێکی زۆر و زەبەندە دەکێشێ. ئەگەر لە سەردەمی یۆناندا ئاکار بابەتێکی سەربەخۆ بووبێ و هیچ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی تەنگەتاویان نەکردبێ، ئەوە دوای دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی سێ ئایینە ئیبراهیمییەکە (جوولەکە، مەسیحی، ئیسلام) پێی ناوەتە قۆناغێکی ترەوە، ڕەوش و دۆخێک هەمیشە زەوتکردنی سەربەخۆییەکەی وەک مۆتەکەی سەر سینگ و خێوێکی زەبەلاح لەبەردەمی قووت بوونەتەوە.

- ڕاستە جوولەکە خۆی بە ئایینی قانوون داناوە و ئیسلامیش لە قورئان و حەدیس و کولتوورەکەیدا خۆی بە ئایینی ئاکار ناساندووە، تەنانەت خوا بە پەیامبەری ئیسلامی گوتووە: (انک لعلی خلق عظیم)، کەچی ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشی لە تاکە کتێبێک (تهذیب الأخلاق)ی بن مەسکەوەی و چەند توێژینەوەیەکی لابەلایی ڕازی و ئیخوان ئەل سەفا بەولاوە شتێکی ئەوتۆ بەرچاو ناکەوێ! ئەم ڕەوشە چۆن پاساو و لێک دەدرێتەوە؟!

- لە تەوراتدا دە ئامۆژگاری و زەبوور سەرنج ڕادەکێشن. لە ئیسلامیشدا ئەو بۆچوونە باوە، بگرە جێگیرە: مادام قورئان هەیە پێویست بە

بابەت و شتی تر ناکات! ئایا دەکرێ ئەمە ئەو ڕەوشە کێشە ئامێزە و ئەو پرسیارە کاڵ بکاتەوە؟! ئەوە نییە، ئەوەتا پەیامبەری ئیسلام خۆی بە ئاشکرا گوتوویەتی: من هاتووم بۆ ئەوەی (مكارم الأخلاق) سەقامگیر و تەواو بکەم!!

ئەو کێشە ئاڵۆزە ڕەهەندی هەمەجۆری هەیە: مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و عەقیدە و ئیمان.

– ئایینی ئیسلام بە دوو قۆناغی چارەنووسسازدا تێپەڕیوە کە جیاوازی سەرنج ڕاکێش لەنێوانیاندا هەبووە:

**یەک:** قۆناغی سەردەمی پەیامبەری ئیسلام کە سەردەمی چوار خەلیفەکە پتر بریتی بووە لە بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنی ئایینەکە و بەگژداچوونی دوژمنانی (گومڕاکان)، ئەوجا چوونە سەر وڵاتانی دیکەی دەرەوەی نیمچە دوورگەی عەرەب. ئەو ڕەوشە دەرفەتی هیچ جۆرە بیرکردنەوەیەکی ئازاد و ڕشتنی ڕەنگی کولتوور و شارستانی بە دەگمەن نەبێ، نەداوە، قۆناغی تێکدانی ڕەوشی (کوفر و گومڕایی) و جێگیرکردنی بنەماکانی ئایینەکە، ئیتر بە ڕێگە و شێوازی جیاواز کە لە توندوتیژی و خوێن ڕشتن بە دوور نەبووە، ئەرکی سەرەکی ئەم قۆناغە بووە! لە کۆکردنەوە و تۆمارکردنی قورئان بەولاوە هیچ بابەتێکی دیکە نەبیستراوە. ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە بەردەم: ئایا ئەو کارەی خەلیفەی چوارەم بێ کێشە جێبەجێ کراوە؟ مەبەستەکە ئایینی بووە، یان شتی دیکەی لە پشتەوە بووە؟

**دوو:** قۆناغی بەنی ئومەییە و عەباسییەکان: لێرەوە کێشەکە سەرئاو دەکەوێ: ئایین و کاروباری دنیا (سیاسەت)!

– تێکەڵ کردنی ئایین و سیاسەت! معاویەی دامەزرێنەری حوکمڕانی بەنی ئومەییە، یەکەم سەرکردەیە کە ئایینی سیاسی دامەزراند. ئەوەیە مەبەستی مەسعوودی لە (مروج الذهب)دا کە گوتوویەتی معاویە یەک شا (مەلیک) بووە لە ئیسلامدا.

– هەر لە کۆتایی حوکمڕانی ستەمکاری بەنی ئومەییەوە تا کۆتایی عەبباسییەکان، پێداویستییەکانی کاروباری دنیایی ئایینەکە ڕەنگی ڕێژدراوە: هەر لە بنەمای ئایینەکەوە تا فیقهو شەریعە....

– ئەوەی لەو سەردەمەدا، ئەوەندەی پێوەندی بە بابەتی ئاکار و گۆڕان و چاکسازییەوە هەیە، جێگەی سەرسوڕمان و حەپەسانە ئەوەیە کە ئەو دوو قۆناغە (بەنی ئومەییە و عەباسییەکان) تا بینەقاقایان لە کوشتن و بڕین و ستەم و بێدادیدا نقووم بوون، خەلیفە ڕۆیشتووە و یەکێکی تر جێگەی گرتووەتەوە بەبێ خواستی میللەت و بەبێ ئەوەی کەس (لەنێو گەلدا) مافی قسەکردنی هەبووبێ. زانا و پیاوانی ئایینی (١) و هزرمەند و ئەدیب و شایەر ئەگەر بە قسەی خەلیفەیان نەکردبێ، بە جۆرێک کوژراون کە سنووری ستەمکاریی دادگەی بەدناوی بەناو دادگەی پشکنینی مەسیحیی سەدەکانی ناوەڕاستی بەزاندبێ و لە مێژوودا بێ وێنە بووبێ: کوشتنی ئیبن موقەفەع و جاحیز و جەهم ئیبن سەفوان و غەیلانی دیمەشق و قڕان کردنی موعتەزیلە، نموونەن ڕاستی ئەو بۆچوونە ساغ و پشت ڕاست دەکەنەوە! کەچی لەو سەردەمە دووروودرێژەی ستەمکاری و کوشتن و بڕیندا بەرهەمێکی ئەوتۆی ئاکار بەرچاو ناکەوێ، ئەوەش کە لە بارەی ئاکارەوە نووسراوە، بە هیچ جۆرێک توخنی ژیان و کرداری مرۆڤی سەردەمەکەی نەکەوتووە، بەڵکوو لە بازنەیەکدا خولاوەتەوە کە سنووری ئایینەکە (بەپێی تێگەیشتنی سەردەمەکە) نەبەزێنێ.

٢ - لێرەدا ئەو پرسیارە بەبیر دادێ، ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنەی بابەتی ئاکار لە کایەی هەرسێک ئایینە ئیبراهیمییەکەدا پشتی بە چی بەستووە؟ میتۆدەی توێژینەوە، یان کەرەستە و بابەتی توێژینەوەکە؟ ئەگەر بنەماکانی باوەڕ و بڕوا (عەقیدە و ئیمان) ڕێنمایی کاروکرداری مرۆڤ بکەن (وەک لە ئایینداهاتووە) و سنووری بۆ دابنێین دەکرێ، قسە لە چ جۆرێک ئاکار بکرێت؟!

- بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەکرێ پشت بە بەرهەمەکانی ئیخوان ئەل سەفا و بن مەسکەوەیهی و ئەبووبەکری ڕازی ببەسترێ! بەڵام ئەو سێ هزرمەندە شیعە مەزهەب بوون! هیچیشیان عەرەب نەبوون، بەهۆی خوێندن لە مزگەوت و حوسەینییە فێری زمانی عەرەبی بوون و بەرهەمەکانیان بەو زمانە تۆمار کردووە و لە وڵاتانی عەرەبی بە زانای کەلام و هزرمەندی عەرەب ناودەبرێن!

- لە چوارچێوەی کەلام و فەلسەفە و هزری ئیسلامیدا دوو ڕەهەندی بابەتی ئاکار لە بەرهەمەکانیاندا بەدی دەکرێن:

**یەک:** پەند و ئامۆژگاری (٢) و ڕێنمایی. کە پتر سروشت و خەسڵەتی کولتووری فارسی و هیندییان پێوە دیارە، فارسەکان دوای ئەوەی بوون بە موسڵمان، پیاوە ئایینییەکانیان لە حوجرە (مزگەوت) فێری عەرەبی بوون، ئیتر بۆ هەر مەبەستێک بووبێ، کولتوورە پێشکەوتووەکەی خۆیان کردووە بە عەرەبی. ئیبن موقەففەع ڕابەرێکی دیاری ئەو هەوڵ و کۆششە بووە. کلیلە و دومنە نموونەیەکی بەرچاوی ئەو لایەنەیە.

باشە عەرەب لەو کایەیەدا هیچی ئەوتۆی نەبووە! بەپێی سەرچاوەکان (ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکان) کە دەگوترێ عەرەب، دوو شت بەبیردا دێت: شمشێر و هەڵبەست! بە شمشێر وڵاتانیان داگیر کردووە، میللەتانیان کردووە بە ژێر دەستە و زمانەکەیانیان بەسەردا سەپاندوون.

لە هەڵبەستیشدا هەردوو بابەتی (پیادا هەڵدان و داشۆرین) و (شانازی کردن بە خێڵ و عەشیرەتەوە) سەرەکی بوون.

ئەو بابەتانە (پەند و ئامۆژگاری و ڕێنمایی و هەڵبەست لەنێو بابەتی ئاکاردا پۆلێن ناکرێن! ئەمانە پتر بەلای دەربڕینی پوختەی تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە و تەبیعەتی مرۆڤ و باوەڕی (عەقیدە)دا دەچن و هیچ جۆرە شیکردنەوە و بردنەوە سەر بنجوبناوان و پێشەکی و ئەنجامگیرییەکی لۆجیکییان تێدا نییە. پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام (بنەمای هۆیەکی) تێیاندا بەرچاو ناکەوێت!

- ڕاستە لە هەندێک پەند و ئامۆژگاریدا جۆرە ئاماژەدانێک بە بابەتێک دەدرێ کە بۆنی ئاکاری لێ بێت، بەڵام لەو ئاماژەدانەدا سێ خاڵ لایەنی ئاکارەکە کاڵ دەکەنەوە:

-: پەندەکە، ئامۆژگارییەکە لە دوور و نزیکەوە نەچوونەتە نێو وردەکارییەکانەوە.

-: لە ڕێنماییەکانیشدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ قسە لە کردار، ڕەفتارێکی نموونەیی گشتی هەمەکی کراوە کە دەبێ مرۆڤ (ئاییندار) پەیڕەوی (٣) بکات، تەنانەت لە هەندێک فەرموودەشدا باسی بنەماکانی کردار کراوە کە پێویستە مرۆڤی موسڵمان بەرانبەر دایک و باوکی، بەرانبەر بە خزم و کەسوکار، بەرانبەر بە دراوسێ بیکات. ئەو بابەتانە بە تایبەتی فەرموودەکان مەبەستێکی دیاریکراو لە پشتیانەوە هەیە: نزیک بوونەوە لە ڕەب، پاک بوونەوە لە گوناحی سەرشان و ئۆباڵی ئەستۆ و دەستەبەربوونی جیهانی دوای مردن. بۆیە

ناکرێ خەسڵەتی ئاکارییان پێ ببڕێ. لەلایەکی ترەوە ئەو ڕێنماییانە لە ئاییندا پتر لە خانەی ملکەچی (طاعة) و سەرپێچیدا بەرانبەر بە ڕەب پۆلێن دەکرێن.

– مەبەستی ئەو ڕێنمایی و ئامۆژگاری و پەندانە پتر پابەندکردنە بە چەند نموونەیەک کە پشتی پێ ببەسترێ و پەیڕەو بکرێن: وەک پەیامبەری ئیسلام لەو ڕووداوەدا، لەو جێگەیە ئەمەی کرد، فڵانە خەلیفە و فیسارە یاوەری پەیامبەری ئیسلام (سەحابە) لەو جێگەیە ئەوەی کردووە و دەربارەی ئەو بابەتە ئەمەی گوتووە، ئەمەش دەچێتە خانەی چاولێکەری و لاساییکردنەوە و هیچ بنەمایەکی بابەتی ئاکار پەسند و جێگیر ناکات! پێ داگرتن لەسەر ئەوەی: پەیڕەوی قسە و کرداری پیاوچاکان (سەلەفی چاکەکار) بکرێت کە گوایە نموونەیەکی بەرزن و بکرێن بە پێشەنگ پتر پێوەندی بە ئایینەکەوە هەیە. جگە لەوەی گەڕانەوەیە بۆ دواوە و پشت کردنە ڕەهەند و ڕەوشە مێژووییەکە، هەلومەرجی سەردەم پشتگوێ دەخاتەوە. دوێنێ دوێنی بووە و ئەمڕۆ شتێکی دیکەیە!

**دوو: دەستەواژە ئاکارییەکان (٤):**

ئەو بابەتە هەرسێک ئایینە ئیبراهیمییەکە دەگرێتە خۆی. لە فەلسەفە و کەلامی ئیسلامیدا مەسکەوەیهی و ڕازی و ئیخوانی سەفا، لە مەسیحییەتدا تۆماس ئەکوینی کۆشاون بابەتی ئاکار لە ئامۆژگاری و پەند و فەرموودەی پەیامبەر و پیاوچاکانەوە بگۆڕن بۆ بابەتێکی نیمچە سەربەخۆ کە بنەما و میتۆد و کەرەستەی تایبەت بەخۆی هەبێ، بەڵام لاری لەوە نییە کە سوودیان لە سێ سەرچاوە وەرگرتووە:

– ئایین، بابەتی ئاکار و دەستەواژەکانی تێکەڵی ڕێنماییە ئایینەکان کراون. بۆ نموونە کاتێک باسی چاکەکاری و بەدکاری کراوە، پشت بە ئایەتی قورئان و فەرموودە و سەرگوزشتەی یاوەران (سەحابەکان) بەستراوە و نموونەیان لێ هێنراوەتەوە.

– فەلسەفەی یۆنانی.

– کولتووری پێشکەوتووی ئێرانییەکان. ناکرێ شارەزایی و تاقیکردنەوەی ئەو فەیلەسووفانەش بە هەند نەگیرێن.

لەو دەستەواژە ئاکارییانەدا بنەماکانی ئاکار و ئایین و شەرع ئاوێتە و تێکەڵاوی یەکتری کراون، جگە لە قورئان و حەدیس کەسێتی پەیامبەری ئیسلام کراوە بە نموونەی بەرز و پێوەر دەبێ هەموو موسڵمانێک بە تەواوەتی پەیڕەویان بکات.

٣- بەپێی ئەو پێوەرانە کە پتر بیروبۆچوونی (ئیجتیهادی) پیاوە ئایینییەکان بووە، چەندان ڕەهەند دیاری کراون تێیاندا گشت کاروکردار و ڕەفتار و بیرکردنەوەی مرۆڤی باوەڕهێناو بە ئایینەکە پۆلێن کراون: ئەو پۆلێن کردنە دوو جەمسەری هەیە:

– ئەرک (فەریزەت کە دەبێ بکرێ).

– ئەوەی ڕێگەنەدراوە و نابێ بکرێ (حەرام).

گشت ئەو بنەما و ڕێنمایی و دەستەواژانە تەنیا یەک ئامانج و مەبەستیان هەیە کە لە خانەی ئاکار دەچێتە دەرەوە: ئامانجی قایم کردنی باوەڕ (ئیمان) و جێگیرکردنی هۆشیاریی ئایینی ئایینداران.

ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیردا دێت: ئایین و فەلسەفە دوو بابەتی لە یەکتری جیاوازن، ئاکار لقێکی فەلسەفەیە، میتۆدە و کەرەستەی دیاری کراوی خۆی هەیە، لە چالاکی تیۆری و کردەکییەکانیدا پشت بە چەند بنەمایەک دەبەستێ، ئایا دەکرێ داوا لە ئایین بکرێ پەیڕەوی ئەو بنەما و میتۆدەیەی بابەتی

ئاکار بکات بۆ ئەوەی چالاکییەکەی سروشت و خەسڵەتی ئاکارییانەی پێ ببڕێ؟

ئەوەتا فەیلەسووفی ترانسندێنتالی ئەڵمان کانت هەرسێک بابەتی ئاکار و میتافیزیک و ئایینی ئاوێتەی یەکتری کردوون و بڕوا بوونی بە ئازادی و بەبوونی ڕەب و نەمریی گیان کردووە بە پێشمەرجی ژیانی ئاکارییانە.

- هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئایین کۆششی چاکەکاری دەکات، بەڵام چاکەکارییەکی هەمەکی گشتی، کەچی ئاکار سەرگەرمی چاکەکاری هەندەکییە وەک لە کرداری تاکەکاندا دەردەکەوێ! لەلایەکی دیکەوە ئایین پشت بە سرووش (وەحی) دەبەستێ. سرووشیش لەلای خۆیەوە هیچ بەهایەکی کردار جێگیر ناکات و پێی لەسەر داناگرێ، بەڵکوو قسەی لەسەر دەکات و باسی دەکات، ئاکار وەک لقێکی فەلسەفە پشت بە لۆجیک و ژیر دەبەستێ. ژیر لەلای خۆیەوە چاکەکاری و بەدکاری کردار و بیرکردنەوە پشت ڕاست دەکاتەوە! بۆیە لە فەلسەفەدا- دوور لە ئایین بەگشت ڕەهەندەکانییەوە- گشت بڕیار و (حوکمە) ئاکارییەکان دەچنەوە سەر بنجوبناوانی چالاکی ژیر. ئەگەر لە ئاییندا فرمان (فەڕز) و ستایش و پاداشت و بەد و سزا بنەمایەکی شەرعی بۆ دانرابێ، فەلسەفە بە پشکی ژیری دادەنێ و ئاکاریش ئەم بۆچوونە پەسند دەکات، ئەمەیە مەبەست کە گوتراوە: فەلسەفە ژیرییە و ئایین: بڕوا و باوەڕە و پەسندکردنە (تصدیق).

لێرەوە ڕۆڵی زانایانی کەلام و فەیلەسووفەکان دەردەکەوێ چۆن پاساوی پێداویستی بوونی ئاکار لە چوارچێوەی ئایینەکە بدەنەوە. ئەو ڕاستییەش گومانی لێ ناکرێ کە نموونەیەکی سەرکەوتوو بە زمانی عەرەبی لەبەردەستیاندا هەبووە: ئاکاری نیکۆماخوسی مامۆستای یەکەم (ئەرستۆ)! کە کراوە بە عەرەبی!

٤ - فارابی کە عەرەبەکان بە فەیلەسووفی عەرەب و مامۆستای دووەمی دادەنێن، کە خۆیشی خەڵکی تورکمانستانەو لە حوجرە فێری عەرەبی بووە، لە چوارچێوەی فەلسەفە سیاسییەکەیدا هەندێک شتی دەربارەی ئاکار گوتووە، بەڵام بەرهەمێکی تایبەتی لەو بارەیەوە لە پاش بەجێ نەماوە، لە کاتی باسکردنی شار- دەوڵەتی چاکەکاریدا ئاماژەی بە هەندێک لایەنی ئاکار داوە، بەڵام لە گشت بۆچوونەکانیدا سنووری بابەتی ئایینەکەی نەبەزاندووە:

- بە هیچ جۆرێک هیچ زانایەکی کەلام و فەیلەسووفە موسڵمانەکان هەوڵیان نەداوە تیورییەکی ڕێکوپێک و گونجاوی ئاکار دابنێن و ڕەنگ برێژن. ئەوەی گوتوویانە و نووسیویانە و کردوویانە، بەلایەنی کردەیی ئاکارەوە پەیوەست بووە، مرۆڤ چۆن کاروکردار بکات، بەڵام گەوهەری ئەو کردارە نابێ سنووری ئەو بازنەیە ببەزێنێ کە ئایینەکە ڕەنگی ڕشتووە، بۆیە پتر بەلای سروشت (تەبیعەت، تەبع) و باوەڕدا چوون و پێیان لەسەر چاکەکاری و بەدکاری (فەزیلەت و ڕەزیلەت) داگرتووە! ئەوجا لایەکیان لە بابەتی بەختەوەری مرۆڤ کردووەتەوە لە هەردوو دنیادا (جیهان و قیامەت)، بەڵام چۆن بەختەوەرییەک! کە بە هیچ پێوەرێکی لۆجیک و ژیر و گیانی سەردەم پشت ڕاست ناکرێتەوە!

- بابەتی چاکەکاری و بەدکاری لەگەڵ خواستی ئازاد (ئیرادە) خراونەتە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە، ئەوەندەی تر بابەتەکە تەمومژاوی کراوە و ئازادی و ئۆباڵ کێشان بە جۆرێک لێک دراونەتەوە کە ئەوەی پێی لەسەر دانەگیرابێ ڕەوشی ئازادی مرۆڤ بووە بە جۆرێک بە ئاشکرا گەڕانەوە بەرەو دواوەی

بەرجەستە کـردووە.

ئـەو پرسـیارەی لێـرەدا دەکـرێ ئەوەیـە: ئایا ئەمە لـە خۆیدا ئازادییە، یان جۆرە پاساودانێکی بەندەیـی و کۆیلایەتییـە!

– فارابـی وەک فەیلەسـووفێکی سـەردەمی خـۆی، دەستڕۆیشـتوویی و هەژموونـی دەزگا و دامـەزراوە کۆنەپارێـزە ئاینییـەکان ڕووبـەڕووی کێشـە پرسـیاری پێوەنـدی نێوان بابەتـی ئـاکار و ئاییـن و سیاسـەت بووەتـەوە! کامەیـان بنەمـا و سـەرچاوەن و کامەیـان لقـن؟ ئایا بنەماکانـی ئـاکار، سـەبارەت بـە مـرۆڤ، زگماکـی، یـان بەهـۆی ئاییـن و پـەروەردە و ژیـان لـە خێـزان و کۆمەڵگـەدا جێگیـر دەبـن و دەبنـە مایـەی ئـەوەی مـرۆڤ کـە لەخۆیـدا بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتییـە پابەندبـێ پێیانـەوە و پەیڕەویـان بـکات!؟ بـەلای ئـەو فەیلەسـووفەوە لـە بابەتـی بنەماکانـی ئـاکاردا، ڕێوشـوێن و بنەمـاکان لـە ئاییـنەوە سـەرچاوە دەگرن، بـەڵام مـرۆڤ لـە خۆیدا توانایی و ئامادەیی هەیە ئـەو بنەمایانـە دەستگیر بـکات! چونکـە ناکـرێ و ژێر پەسـندی نـاکات مـرۆڤ لەگـەڵ لـە دایـک بـوون و هاتنـە دنیایـەوە لـە مێشـک و ناخـی دەروونیـدا ئـەو هەسـت و تواناییـەی هەبـێ چاکـەکاری لـە بـەدکاری جیـا بکاتـەوە.

– ئـاکار ئـەو لقـەی فەلسـەفەیە کـە ئەنجامـی کردەوەکانـی مـرۆڤ، ئەوانـەی بـە خواسـتی خـۆی کردوونـی، دەکات بـە کەرەسـتەی لێکۆڵینـەوە. ئـەو کردارانـەش لـە چاکـەکاری و بـەدکاری بـەولاوە نیـن، ئیتـر ئـاکار بابەتێکـی ئامانجەکییـەو سـەرگەرمی بەدیهێنانـی ئامانجێکـە کـە بـە بەختیاری ناودەبرێت! لێرەوە بابەتەکـە سـنووری کایـەی تاکـەکان دەبەزێنـێ و دەچێتـە گۆڕەپانـی کۆمەڵایەتـی کۆمەڵگـەوە، بـەوەش قەڵەمڕەوی کات و جێگـە دەبەزێنـێ و بابەتـی چاکەکاری و بەدکاری بـە گشـتی و بەختـەوەری کۆمـەڵ (٥) وەنەبـێ بەختـەوەری قۆناغێکـی دیاریکـراو بـێ و مـرۆڤ بێگاتـێ، یـان پێـی بـگات، یـان پێـی شـاد ببـێ، بەڵکـوو توانایـی و کۆششـێکی لـە ڕادە بـە دەری گەرەکـە کـە لـە چاکـەکاری و ڕەندیدا بەرجەستە دەبـێ و ڕێگـەی بەختـەوەری ڕاسـتەقینە خـۆش دەکات. بـە پێچەوانـەوە بەدکاریـی و گەندەیـی ئـازار و ئێـش و دەسـتخەڕۆیی و بـێ ئومێدییـان لـێ دەکەوێتـەوە. ئـەم چالاکییـە کەوتووەتـە نێـوان دووڕیانێکـەوە کـە بـە ڕێگـەی خواسـتی ئـازاد و هەڵبـژاردن ناودەبرێـن! یەکەمیـان بـە هەسـت و سـۆز و ئەندێشـە و ئـەوی تریان پشت بـە وردبوونـەوە و ژیـر دەبەسـتێ. بەختـەوەری ڕاستەقینەکە ئامانجی هەموو مرۆڤێکە لە خۆیدا ئامانـج و دوا ئامانجـە و ئامـراز نییـە بـەرەو بـە دەستهێنانی ئامانجـی تـر کـە لـە پشتییەوە بێ، ئەوەیـە مەبەسـتی فارابی کـە پشتی بـە ئەرستۆ بەسـتووە. ئەرستۆ گوتوویەتـی: (٦)

بەپێـی بڕیارەکـەی ئەفلاتـوون لـە بابەتـی داد لـە دەوڵەتـدا، ئایـا لـە بنەمـای گشـتییەوە هەنگاو هەڵبگیرێ بـەرەو تاکی دادپـەروەر، یان لـە تاکـەوە بـەرەو بنەمـای گشـتی؟ یەکەمیانـی هەڵبـژاردووە! لـە بابەتـی ئاکاریشدا هەروایە. لە بنەمـای گشـتی ئـاکارەوە دەسـت پـێ دەکـرێ، ئەوجا بزانـرێ تـا چەنـد لـە کـردار و بیرکردنـەوەی مرۆڤـی تاکـدا بنەمـای ئـاکار پەیـڕەو کـراوە.

– بـەو پێیـە بەختـەوەری بەگشـتی کـە ئامانجی کـرداری ئاکارییانـەی مرۆڤـە، دوا ئامانجـە و ئامانجـی تـری لـە پشـتەوە نییـە و ئامـراز نییـە بـەرەو شـتێکی دیکـە. هـەر ئـەو خـۆی چاکەکاریـی و مەبەسـت و کەمـاڵ و تەواوەتییـە و نزیکتریـن شـتە لـە ناخـی دەروون و خواسـتی مرۆڤـەوە، مەبەسـتێکە لەپێنـاوی خـودی خۆیـدا نـەک لەپێنـاوی شـتێکی دیکـەدا کۆششـی بـۆ دەکـرێ!

ئەوی کامڵ و تەواوەتییە سروشتی بەردەوامی هەیە و خوازراوە و هەموو کەسێک سەرگەرمی هەبوونیەتی، بۆیە دەگوترێ بەختەوەری مەبەست و ئامانجی گشت کردارە شیاوەکییەکانی مرۆڤە.

چاکەکاریی (ڕەند- فەزیلەت) لە بەختەوەری جیا ناکرێتەوە، پێوەندی دەستیاوی لەنێوانیاندا هەیە. بەختەوەریی بەبێ چەند و چۆن لە چاکەکاری بەولاوە شتێکی دیکە نییە. هەر کردارێک بۆ گەیشتن بە بەختیاری چاکەکارییە، نەک لەپێناوی خودی خۆیدا، بەڵکوو لەپێناوی ئەو سوودەی بەرەو بەختەوەریی هەیەتی. هەر شتێک، هەر کردارێک ڕێگر و کۆسپ بێ لەبەردەم گەیشتن بە بەختەوەری، بەدکارییە (گەندە). فارابی لە شاکاری (بیروبۆچوونەکانی خەڵکی شاری ڕەند)دا ئەو لایەنەی پشت ڕاست کردووەتەوە (٧).

ئەو جۆرە ئاکارە- بەختەوەرییە ڕەهەندێکی ڕەهای هەیە و بە هیچ جۆرێک ڕەوشی ژیان و کرداری تاک- مرۆڤی تاک بە هەند دانانێ! بنەماکانی ئاکارەکەشی پتر بەلای ئایینیدا دەشکێنن و تای تەرازوو بەلای بڕوا و باوەڕەوە لاسەنگ دەکەن و مرۆڤ لە پەراوێزدا جێگیر دەکرێ.

٥- ئەگەر (ڕەند) بەختەوەری لێ بکەوێتەوە و بەدکاری (گەند و ڕەزیلەت) مایەی کلۆڵی و بێ ئومێدی و زەبوونی بێ، بوونەکەی بەو جۆرەی لە فەلسەفە و کەلامی ئیسلامیدا قسەی لێ کراوە نەپاساو دراوەتەوە، نە بە بنەمای لۆجیک و ژێر پەسند دەکرێ!

- گریمانەی بوونی بوونەوەرێکی بەدکاری توانست سنوور بەزێن (شەیتان- ئیبلیس) شیاوەکییەکە کێشە ناوخۆییەکانی بنەمای بڕوا و باوەڕ و ئایین کردوویانە بە بابەت و دیاردەیەکی ناچاری! ئەو بوونەوەرە چۆن پەیدا بووە، لە کوێوە هاتووە!؟ ئەو توانایی و هێزە لە ڕادەبەدەرەی چۆن هەیە و دەستگیری بووە!؟ ئەگەر بشێ بپرسرێ: ئایا بوونی ئەو بوونەوەرە بەهێزە بەدکارە لەگەڵ دەسەڵات و دادپەروەریی و بەزەیی ڕەبدا دێتەوە؟!

- بۆ دەبێ دەروونی مرۆڤ مەیلی بەدکاری هەبێ (النفس الأمارة بالسوء)؟! بۆ هەر لەسەرەتاوە وا دانەهێنرا کە چاکەکار بێ!؟ ئیتر چۆن ناچار دەکرێ بچێتە ژێر باری ئۆباڵ کێشانەوە کە بە سروشت خۆی ئەو مەیلە بەدەی هەبێ؟!.

- بابەتی ئاکار بە گشت ڕەهەندەکانییەوە وەک لەلای فارابی و هزرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە قسەی لێ کراوە، ڕەهەندێکی مێژوویی خۆی هەیە و دەرکەوتەی هەلومەرجی ئایینی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆیەتی و نەدەکرا بە جۆرێکی دیکە بێت، بەڵام ئەو ڕەوشە لەو ڕاستییە کاڵ ناکاتەوە کە ئەو جۆرە هزر و بڕیارە لەگەڵ جیهاندید و گیانی سەردەم نایەتەوە! ئاکاری ئایینی ڕووی لە ڕابوردووە، ئاکاری سەردەم بەپێی بڕیار و پێوەر و ڕێنماییەکانی ڕووی لە دواڕۆژە! مرۆڤی سەردەم بیر لە ڕابوردوو ناکاتەوە، بەڵکوو لە هەلومەرجی هەڵکەوتی لە ئارادابووی ژیان (واقع) ڕازی نییە و چاوی بڕیوەتە دواڕۆژ چۆن بێت و چی لە هەگبەکەیدا بێت.

ئەگەر ڕەند و گەند (چاکەکاریی و بەدکاری - فەزیلەت و ڕەزیلەت) بابەتی سەرەکی ئاکار بن و ئامانجیش بەختەوەری بێت، ناکرێ هێزی خواستی ئازاد و هەڵبژاردن پشتگوێ بخرێن. چۆن دەگونجێ بەبێ ئەم دوو هێزە قسە لەئاکار بکرێت؟!

- بە هیچ جۆرێک ناکرێ چاکەکاری بەبێ بەدکاری وێنا بکرێت و بەبیردا بێت! مرۆڤ خۆی کە خواستێکی ئازادی هەیە، داهێنەری ئەو دوو ڕەوشەیە! شتێک نییە سەربەخۆ لەخۆیدا و بۆ خۆی چاکەکاری، یان بەدکاری بێت، مرۆڤ ئەو بەهایەیان پێ دەبەخشێ! ئەو بەخشینەش لە ڕێگەی بژاردەی خواستی ئازادەوە دەبێ. کە دەگوترێ بابەتی ئاکار مەبەست لە خواستە، (ئیرادە)ی مرۆڤ.

- زۆر جار مرۆڤ وای بۆ دەچێ گوایە بەدکاری لە مادده، لە چێژ و لەزەت، لە سروشتی لەش و دەروونەوەیە، بەڵام لە دواییدا، دوای وردبوونەوە و کەڵەکەبوونی ئەنجام و دەرکەوتەی ئەزموون و شارەزایی، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەمانە هیچیان ئەو هۆکارە سەرەکییەی ئەو ڕەوشە دیاردەیە نین، بەڵکوو ئۆباڵەکە بە تەنیا دەچێتە ئەستۆی خواستی مرۆڤەوە (٨). ئەگەر خواستی مرۆڤ لە ئارادا نەبووایە، نەدەکرا قسە لە بابەتی بەدکاری بکرێت، کەوابوو خواستی بەدکاری خۆی ئەو دیاردەیەی داهێناوە. بوونی بەدکاری توندوتۆڵ پەیوەستە بەو خواستەوە کە دەیخوازی، ئیتر هیچ بوونەوەرێکی دیکە بە هەر خەسڵەت و ناوێکەوە بێ بە ناهەق دەربارەی بەدکاری شانی ئارداوی کراوە، کێشەی بابەتی ئاکار لە خواست بەولاوە نییە! ئەو بڕیارە بە هیچ جۆرێک لە ڕۆڵی هێزی پاڵبەری زگماکیی (غەریزە) و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ویژدان کاڵ ناکاتەوە. ئەو بۆچوونە ڕوڵی دوو ڕەنگیی بابەتی ئاکار دووپات دەکاتەوە کە بریتییە لە:

**یەک:** ئەرکێکی کلاسیکی بۆ ماوە کە دەچێتە ژێر باری گواستنەوە و پاراستن و هێنانی بەها گیانییەکانی کولتووری شارستانی لە نەوەی پێشووەوە بۆ نەوەی سەردەم.(٩)

**دوو:** ئەرکی تاووتو و هەڵسەنگاندن و ڕەخنەکردنی کولتووری بۆ ماوە و لە ڕابوردووەوە هاتووی بەها و بنەماکانی ئاکار، ئەمەش لە خۆیدا تێپەڕاندنی پێوەری ڕابوردووی کۆن بوو بەرجەستە دەکات و چۆن پێوەری ئاکاریی نوێ لەگەڵ هەلومەرجی لە ئارادابووی گیانی سەردەمدا بێتەوە.

ئەمەیە مەبەست لە دوو ئاراستەکەی بنەما و پێوەرەکانی ئاکار کە یەکێکیان محافەزەکارە و ڕووی هەمیشە بەرەو دوا لە ڕابوردووە و سەرگەرمی پاراستن و جێگیرکردنی بەهاکانیەتی و ئەوی تریان ئەمڕۆ و دواڕۆی لەبەرچاوە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

١ - نصر حامد أبو زيد: الاتجاه العقلي في التفسير، الدار البيضاء، بيروت: ٢٠٠٣، ط٥، ص١٩ وفي اماكن آخرى.

٢ - احمد أمين: ظهر الاسلام، ج١، بيروت، ٢٠٠٦، ص٣٨٥، كذلك في مواقع مختلفة.

٣ - محمد أركون: الاسلام، الأخلاق، السياسة، بيروت، ٢٠٠٧، ص٩٠.

٤ - احمد امين: سەرچاوەکەی پێشوو، خۆی، ل٣٨٤.

٥ - د. ابراهيم عاتي: الانسان في الفلسفة الاسلامية، (نموذج الفارابي)، مصر، ٢٠٠٥، ص٢١٣ وفي صفحات آخرى.

٦ - أرسطوطاليس: علم الأخلاق الى نيقوما خوس، ترجمة: أحمد لطفي السيد، القاهرة - الهيئة المصرية العامة للكتاب ٢٠٠٨، ص١٩٠، ج١ (ك١، ب٤، ف٨).

٧ - د. ابراهيم عاتي: سەرچاوەکە خۆی ل٢١٦، لە چەند جێگەیەکی دیکەشدا.

٨ - د. زكريا ابراهيم: المشكلة الخلقية، مكتبة مصر، بدون تأريخ، ص١٩٩ فما بعد.

٩ - د. زکریا ابراهیم: سەرچاوەکە خۆی، ل٩٥.